# لەخەلیفان ئاوەڕۆ تێکەڵ بەئاوی تاڤگەی گەلی عەلی بەگ بووە

## زۆربەی خانووەکانی خەلیفان تاپۆیان نییە

## زۆربەی گوندەکان بێ خزمەتگوزارییە


## نەبوونی ئاوەڕۆ یەکێکە لەگرفتەکانی خەلیفان

**خەلیفان ئەو شـارۆچکە دێرینەی کوردستانە کە کاتێك بەرەو ناوچە گەشتوگوزاریەکان بەڕێدەکەویت و دەچیتە سنووری شاری سۆران دیمەنی جوانی شـاخ و سـەوزایی بەرچاوت دەکەوێت. خەلیفان لەسـاڵی ١٩٦٧ بەفەرمی کراوەتە ناحیەو سەر بە قەزای سۆرانە و ٦٢ گوند لە سـنوورەکەی هەیە و ناوچەیەکی شـاخاویی و گەشتیارییە و خەڵکەکەی بەکاری کشـتوکاڵی و ئاژەڵداری خەریکن، ژمارەی دانیشـتوانەکەی نزیکەی ٣٣ هەزار کەسـە. تیمی (گۆڤاری گوڵان) ناحیەی خەلیفان و سنوورەکەی بەسەرکردەوەو چەنـد هاووڵاتییەکی دواندو دواتر رەخنەو داواکارییەکانی هاووڵاتییانی ئاراسـتەی بەڕێوەبەری ناحیە کرد.**









## هاوڵاتیانی خەلیفان:

# لەخزمەتگوزاریەکانی شارەوانی فەرامۆشکراوین

## بەڕێوەبەری ناحیە:



# پێویستمان به بینایەی نوێی قوتابخانە هەیە







## کۆڵان و شەقامەکان پێویستی بەقیرتاوکردن هەیە

سەرەتا لەناو سەنتەری خەلیفان هاووڵاتی عەزیز یوسف سەبارەت بەخزمەتگوزارییە گشتیەکان بەتایبەتی قیرتاوو کۆنکرێتکردنی شەقام و کۆڵانەکان وتی:( بەشێوەیەکی گشتی کۆڵان و شەقامەکانی سەنتەری ناحیەی خەلیفان وێرانە، خەڵکی چاوەڕێی حکومەتی نوێ دەکەن تاوەکو هەڵمەتێکی گشتی چاککردن و دروستکردنی شەقام و ڕێگاوبانەکانمان بۆ جێبەجێ بکات)، سەبارەت بەگرفتی کارەباش ئەم هاووڵاتییە وەکو زۆربەی ئەو هاووڵاتییانەی تر کە لەدووتوێی ئەم ڕاپۆرتە دواندمان گلەیی ئەوەی هەبوو کە بەشێوەیەکی دادپەروەرانەو ڕێکوپێك نرخی کارەبا بۆ ماڵەکان نەهاتۆتەوە بۆ نموونە ماڵ هەیە بڕە پارەیەکی زۆرکەمی بۆ هاتۆتەوەو ماڵیش هەیە نرخی کارەبای لەسەروو ملیۆنێك دینار بۆ هاتۆتەوە، ئەمەش وایکردووە هیچ کەسێك لەم شارۆچکەیە کرێی کارەبا نەدات ..

لەگەڕەکی عەلییاواش کە لەرووی خزمەتگوزارییەوە بێسەروبەرییەکی زۆری پێوەدیاربوو هاووڵاتی کەریم ڕەحیم وتی:(گەڕەکی عەلییاوا لەرووی خزمەتگوزارییەوە هیچی بۆ نەکراوە، هەربۆیە زۆر پێویستیمان بەسەرجەم خزمەتگوزاریەکان هەیە بەتایبەتی خزمەتگوزاریەکانی ئاوو ئاوەڕۆو پاککردنەوە لەزبڵ و خاشاك.). لەسەر ڕێگای سەرەکی سرێشمە هاووڵاتی محەمەد عوسمان وتی: (ئەم ڕێگا سەرەکیە چۆن دەبێت وا پشتگوێبخرێت و وێران بێت پێویستە لایەنە پەیوەندارەکانی شارەوانی مشورێکی بخۆن و هەڵمەتێکی قیرتاوکردنی شەقام و ڕێگا سەرەکیەکان دەست پێ بکەن). هەروەها هاوڵاتی نادر موسا سەبارەت بەگرفتی ئاویخواردنەوە وتی:( گرفتی ئاویخواردنەوەمان هەیە و تۆڕی ئاویخواردنەوەش زۆر کۆنەو تێکەڵ بە ئاوەڕۆ بووەو هەندێك جار بەچەند ڕۆژێك هەر ئاو نایەتەوەو بەترومپا نەبێت ناتوانین ئاو رابکێشین، بۆیە پێویستیمان بەپرۆژەی ئاویخواردنەوەو نوێکردنەوەی تۆڕە کۆنەکانی ئاویخواردنەوە هەیە، ئەمە جگە لەوەی شەقام و کۆڵان و ڕێگاوبانەکان پێویستی بەچاککردن هەیەو تەنانەت زۆر جار لەکاتی بارانبارین ڕێگای چوونە مزگەوتیشمان تێکچووەو بەکەڵکی هاتوچۆکردنی پیادەش نایەت). سەبارەت بەبواری پەروەردەش جەنگی ئەحمەد وتی: (خەلیفان گەورە بووەو ژمارەی قوتابیەکانی رووی لەزیادبوون کردووەو پۆلەکان قەڵەباڵغی قوتابیانی پێوە دیارە، داوا لەحکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین چەند قوتابخانەیەکی مۆدێرنمان بۆ دروست بکات، زۆر جاریش گرفتی میلاکاتی مامۆستاش دروست دەبێت). لەلایەکی ترەوە هاووڵاتی دلێر مەجیدیش باسی لەنەبوونی پارك و شوێنی حەوانەوەو یاریگا کرد لەمبارەیەوە وتی: (لەخەلیفان پارك و باخچەی نییە تاوەکو گەنجەکان و هاوڵاتیان لەکاتی پشوو و حەوانەوە رووی تێبکەن تەنانەت لەشارۆچکەکەمان تەنیا یەك یاریگامان هەیەو سەنتەری رۆشنبیری خەلیفانیش گەرچی چالاکی هەیە، بەڵام بەپێی پێویست نییەو لەئاست خواست و ویستەکانی گەنجان نییە). هاووڵاتی ئەبابەکر ئەحمەدیش پێی راگەیاندین :(نەبوونی ئاوەڕۆ بەیەکێك لەگرفتە سەرەکیەکانی خەلیفان دادەنرێت تەنانەت ئاوەڕۆی خەلیفان تێکەڵ بە ئاوی ئەو رووبارە بووە کە تێکەڵ بەئاوی تاڤگەی گەلی عەلی بەگ و سەیرانگاکانی تری ناوچەکە بووە، ئەمەش بۆ بواری تەندروستی خراپەو مەترسی کەوتنەوەی نەخۆشی لێدەکرێت). بارودۆخی گوندەکانیش بەو شێوەیە باش نەبوو بەتایبەتی لەبواری خراپی ڕێگاوبان و کەمی خزمەتگوزاریەکان لەمبارەیەوە هاووڵاتی عەبدوڵلا محەمەد وتی: (زۆربەی گوندەکان بێ خزمەتگوزارییەو پرۆژەی بۆ ئەنجام نەدراوە، لەمەش خراپتر زۆربەی گوندەکان گرفتی نەبوونی سەرچاوەی داهاتیان هەیە، چونکە ئێستاکە پیشەی کشتوکاڵی و ئاژەڵداری کەمبۆتەوەو جوتیاران نەیانتوانیوە سوود لە قەرزی کشتوکاڵی وەربگرن و حکومەتیش پرۆژەی ئاودێری بۆ ئەنجام نەداون، ئەمە لەکاتێکدا پێشتر خەلیفان بە ڕواندنی سپیندارو میوەجات بەناوبانگ بوو). لەیەکێك لەگوندەکانی خەلیفان کە دەکەوێتە سەرەڕێگای ئەو شارۆچکەیە هاووڵاتی خەتاب وسو، باسی لەو قوتابخانەیە کرد کە قوتابیەکان بەترسەوە دەچنە پۆلەکانی خوێندن و لەوەرزسی زستاندا دڵۆپە دەکات و بینایەکەی زۆر کۆنە، هەروەها خەڵکەکە بەسۆندەو بەتانکەر ئاویخواردنەوە دەهێنن، لەلایەکی ترەوە بوونی ئەو ژمارە خێزانەی کە ماڵەکانیان کەوتوونەتە ژێر ستوونەکانی تۆڕی پەستانی بەرزی کارەباوە یەکێکی ترە لەو کێشانە کە مەترسی بۆ سەر بواری تەندروستیان هەیە.







## پرۆژەو کارەکان بەپێی خواست و داواکاری خەڵکەکە نییە

**بەمەبەستی وەڵامدانەوەی هاووڵاتییان و گەیاندنی گلەیی و داواکاریەکانی خەڵکی خەلیفان سەردانی بەڕێوەبەرایەتی ناحیەی خەلیفانمان کردو ئەم گلەیی و داواکاری و چەند پرسیارێکی ترمان ئاراستەی (ئەحمەد قادر) بەڕێوەبەری ناحیە کرد کە پوختەی وەڵامەکان دەخەینەڕوو.**

### شارۆچکەکە بەبێ ماستەرپلان فراوان دەبێت

سەبارەت بە بوونی ماستەرپلان کە یەکێکە لە بنەما پێویستییەکانی هەموو شارو شارۆچکەیەك بەڕێوەبەری ناحیەی خەلیفان وتی: بەبێ بوونی ماستەرپلان مومکین نییە بتوانین نەك خەلیفان بگرە هیچ شارو شارۆچکەیەك بە شێوەیەکی ئەندازەیی و هاوچەرخ و سەرکەوتوو فراوان بکەین، چونکە بەپێی ئەو ماستەرپلانە دەتوانرێت پرۆژەکان سەرکەوتوو بێت، جێی داخیشە تا ئێستا شارۆچکەی خەلیفان ماستەرپلانی بۆ دروست نەکراوە، لێرەدا داواکارین لایەنی پەیوەندار پرۆژەی بۆ شارۆچکەی خەلیفان ئەنجام بدەن بۆ ئەوەی نەخشەڕێگامان لە بەرفرەوانبوون و پرۆژە خزمەتگوزارییەکان دیارو ڕوون بێت. هاوکات بوونی ماستەرپلانە کە ڕێگا لە زێدەڕۆیی دەگرێت و چەندین کێشەو گرفتی تریش وەکو کوژاندنەوەی زەوی چارەسەر دەکات، کە ئەم دوو گرفتەش لەهەموو ناحیەو قەزاو شارۆچکەکانی کوردستان بوونی هەیە.

### خزمەتگوزاریەکانی شارەوانی کەموکوڕی هەیە

بوونی گرفتی خزمەتگوزاری و کەمی پرۆژەکانی شارەوانی کە داواکاری سەرەکی هاووڵاتییان بوو بەوەی زۆربەی کۆڵان و شەقامەکانی خەلیفان قیرتاوو کۆنکرێت نییە تەوەرەی سەرەکی گفتوگۆکانمان بوو لەگەڵ بەڕێوەبەری ناحیەی خەلیفان کە لەم ڕووەوە وتی: گەرچی ساڵانە توانراوە چەندین پرۆژەی خزمەتگوزاری لەقیرتاوکردنی کۆڵان و شەقامەکان و راکێشانی تۆڕی ئاویخواردنەوە ئەنجام بدرێت، بەڵام هەر کەموکوڕی هەیەو پێویستمان بەپرۆژەو کاری زیاتر هەیە تاوەکو بتوانرێت شارەکە رازاوەترو جوانتر بکرێت، بۆنموونە دروستکردنی شەقامی دوو سایدی ناو سەنتەری خەلیفان کە ڕێگای هەملتۆنەو زۆر گرنگە گەرچی دواکەوت، بەڵام توانرا جێبەجێ بکرێت، هەروەها بۆ گوندەکانیش توانیومانە زۆربەی ئەو گوندانەی ڕێگایان نەبوو یا گرفتیان هەبوو لە چەند ساڵی ڕابردوو ڕێگاوبانیان بۆ درووستکراوە،

## تا ئێستا کێشەو گرفتی کەمئاوی لە هەندێ گەڕەك و شوێن هەر ماوە

سەبارەت بەدابینکردنی بودجەی ئەو پرۆژانەش بەڕێوەبەری ناحیەی خەلیفان وتی: (زۆربەی کارو پرۆژەکانی سەنتەرو گوندەکانی سنوورەکەش لەسەر بودجەی پەرەپێدانی پارێزگا جێبەجێ دەکرێت، هەر بۆیە پێویستە لەمەودوا وەزارەتەکانیش بودجەو پارەیەکی زیاتر تەرخان بکەن بۆ ئەنجامدانی پرۆژەکانیان، بەتایبەتی وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار کە پێویستە بودجەیەکی تایبەت تەرخان بکات، هەروەها ئەو ڕێگا سەرەکییەی کە بۆ خەلیفان دێت و دەڕوات بەرەو سۆران پێویستە چاکبکرێت، لەلایەکی ترەوە ڕێگای سەرەکی و ستراتیژی دوو ساید کە ئێستا لە قۆناغی جێبەجێکردندایە و بە چەند قۆناغێك ئەنجام دەدرێت و ڕێگاکە نایەتەوە ناو سەنتەری ناحییە، بەڵکو لە ڕێگای تۆنێلەوە و دەچێتەوە بنی هەریرو چیای کۆڕەك و ئەم ڕێگایەش زیاتر بەکار دێت بۆ مەبەستی بازرگانی و گەشتیاریی. هاوکات پرۆژەی ئاومان بۆ جێبەجێکراوە کە لە بێخاڵەوە بۆ گوندی



## بۆ ڕووناككردنەوەو چاككردنی كارەبا دەبێت ئۆتۆمبێلی سەلەی سۆران بهێنین

سرێشمە هاتووە و پڕۆژی ئاو لە دۆڵی مەلەكانەوە بۆ ناو سەنتەری شارۆچكەكە هاتووە و چەندین بیری ئیرتیوازیش بۆ چارەسەركردنی كەمئاوی و گرفتی نەبوونی ئاو لێدراون، بەڵام ئەو كارو پرۆژانەش لە ئاستی خواست و داواكاری ئێمەو خەڵكەكە نییە، بۆیە لە هەر گەڕەك و شوێنێك كێشەو گرفتی ئاویخواردنەوە هەبێت بە تایبەتی لە تۆڕی دابەشكردنی ئاوەكەدا ئەوە كەشف و دەرخستەی بۆ كراوە، تا ئێستا كێشەو گرفتی كەمئاوی لە هەندێ گەڕەك و شوێن هەر ماوە، بۆیە پێویستمان بە پرۆژەی تری ئاویخواردنەوەو ستراتیژی هەیە).

### نەبوونی ئاوەڕۆ گرفتی تەندروستی لێكەوتۆتەوە

سەبارەت بە تێكەڵاوبوونی ئاوی ئاوەڕۆی شارۆچكەكە بە ئاوی ئەو ڕووبارەی كە بە خەلیفاندا دەڕوات و كاریگەری خراپیشی لەسەر كەرتی گەشتیاری و تەندروستی گەشتیاران هەیە بەڕێوەبەری ناحیەی خەلیفان وتی: یەكێك لەو پرۆژانەی كە زۆر پێویستە بۆمان جێبەجێ بكرێت ئەوەیە كە ئاوەڕۆی شارۆچكەكە نەچێتەوە سەر چەمەكەو سەر ئاوی تاڤگەی گەلی عەلی بەگ، چونكە ئێستاكە ئاوی ئاوەڕۆی خەلیفان دەچێتەوە سەر تاڤگەی گەلی عەلی بەگ، ئەمەش كاریگەری خراپی لەسەر ئاوی تاڤگەكەو گەشتیاران هەیە و بۆ ئەو پرۆژەیەش كار كراوە ئومێد دەخوازین پەلە لە دروستكردنی ئاوەڕۆیەكی گونجاو بۆ ئەو مەبەستە بكرێت و لەگەڵ ئەو پرۆژەیەش پێویستە فلتەرێك یا پالاوگەیەكی ئاو لەو شوێنە دابنرێت كە ئاوی ئاوەڕۆیەكە دەچێتەوە سەر چەمەكەو ئاوی تاڤگەی گەلی عەلی بەگ پیس دەكات.

### بێ سەروبەری پرۆژەو بینایە لەسەیرانكای تاڤگەی گەلی عەلی بەك

سەبارەت بەو پرۆژەو كارانەی لە تاڤگەی گەلی عەلی بەگ ئەنجام دەدرێت و هەست دەكرێت ئەو جۆرە پرۆژەو بینایانە دیمەنەكە دەشێوێنێت بەڕێوەبەری ناحیەی خەلیفان وتی: پێویست بوو وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار ماستەرپلانێكی بۆ شوێنە گەشتیارییەكان هەبووایە ئەوكات كارو پڕۆژەی ئەنجام بدایە، تاوەكو پرۆژەكان سەركەوتن بەدەست بێنێت و پەشیمان بوونەوەی لە دواوە نەبێت، ئەوەی ئێستا لە ناو ئاوی تاڤگەی گەلی عەلی بەگ دەكرێت دیمەنە جوانەكەی و شوێنە گەشتیارییەكە دەشێوێنێت و شوێنی ئەو بینایەو پرۆژانە گونجاو نین.

### دواكەوتن و كەموكوڕی لە پرۆژەكان

سەبارەت بە دواكەوتنی هەندێ پرۆژە و هەڵكەندنەوەی دوو سایدەكەی ناو سەنتەری شارۆچكەكە بەڕێوەبەری ناحیەی خەلیفان وتی: دیارە زۆربەی ئەو جۆرە پرۆژانە بە هۆی سەرماو سۆڵەوە دوادەكەون و پرۆژەش هەیە كێشەو گرفتی دیزاین و هونەری هەبووە، بۆنموونە هەندێ پرۆژە هەبووە وەكو بینایە پێویستی بە دیواری پاڵپشت هەبووە كەچی لە كاتی دیزاین و دەرخستە دیاری نەكراوە و لەو كاتەدا تا كار

## پرۆژەی جوانكردنی تاڤگەی گەلی عەلی بەگ شوێنە گەشتیاریەكەی شێواندووە

لەسەر ئەو دیوارە پاڵپشتییە دەكەن پرۆژەكە دوادەكەوێت، لێرەدا داواكارین لە هەموو وەزارەت و لایەنە پەیوەندارەكان كە تەندەرو دەرخستە ئەنجام دەدەن ڕەچاوی سروشتی ناوچەكەو خەرجیەكانی بكەن .

### گرفتی تاپۆكردنی خانووەكان

سەبارەت بە كێشەی تاپۆ نەكردنی خانووی هاوولاتییان كە لە ساڵی ١٩٨٠ەوە هەندێك خانوو هەیە تا ئێستا تاپۆ نەكراون و خەڵكەكەش لەم ڕووەوە گلەییان زۆرە بەڕێوەبەری ناحیەی خەلیفان وتی: بە نووسراوی فەرمی داوامان لە لایەنی پەیوەندارکردووە كە ئەو خانووانەی تا ئێستا بەسەر خاوەنەكانیان تاپۆ نەكراون بەپێی یاساو ڕێنمایی دیاریكراو و گونجاو كاریان بۆ بكرێت، ئێستاش چاوەڕوانی ڕەزامەندی و وەڵامین، چونكە بەشی زۆری لە خانووەكانی ناو سەنتەری شارۆچكەكە تاپۆیان نییە و مافێكی ئەو خەڵكەیە كە خانووەكانیان بەسەر تاپۆ بكرێت.

### كێشەی زێدەڕۆیی هەیە

سەبارەت بە كێشەی زەوی و زار و زێدەڕۆیی بەڕێوەبەری ناحیەی خەلیفان وتی: لە ساڵانی ڕابردوو بەتایبەتی لە دوای ساڵی ١٩٩١ زێدەڕۆیی لە خەلیفان هەبووە و ئێستاكە ئێمە لە هەوڵی جیدی و بەردەوامین كە پێش لەو دیاردەو حاڵەتانە بگرینەوە و لەم لایەنەوە پێویستە هاووڵاتییان هاوكارمان بن، هەر لەم ڕووەوە كاتێك لە شوێنی خزمەتگوزاریە گشتییەكان زێدەڕۆیی دەكرێت پێش هەموو كەس و لایەنێك هاووڵاتییان خۆیان زیانیان بەردەكەوێت، چونكە پرۆژە خزمەتگوزارییەكان بە تایبەتی وەكو قوتابخانەو نەخۆشخانەو باخچەو پارك كە بۆ خزمەتی ئەوانە دوادەكەوێت و خەڵكەكە لێ بێبەش دەبن.

### بینایەی قوتابخانەو میلاكاتی مامۆستا كەمە

سەبارەت بەكەرتی پەروەردەو باس لەوە دەكرێت هێشتا لە خەلیفان لەم لایەنەوە كێشەو گرفت هەیە بەڕێوەبەری ناحیەی خەلیفان وتی: وەزارەتی پەروەردەو لایەنی پێوەندار پلان و هەوڵی خۆیان هەیە كە قوتابخانەی تازە دروست بكەن و دروستیشكراوە، بەڵام هێشتا پێویستمان بە بینایەی تری قوتابخانە هەیە بۆ ئەوەی دوو دەوامی و سێ دەوامی نەمێنێت یا بەلایەنی كەم ئەو كێشەیە كەمتر بكەینەوە و پێویستمان بە قوتابخانەی ١٨پۆلیش هەیە، لەرووی میلاكاتیشەوە بە تایبەتی لە وانە زانستییەكان پێویستیمان بە مامۆستا هەیە، ئێمە بە باشی دەزانین كە دەرچوانی شارۆچكەو سنوورەكە لە قوتابخانەكانمان دابمەزرێن لەبەر ئەوەی ئەو كەسانە دانیشتووی سنوورەكەن و دوای سێ چوار ساڵ داوای گواستنەوە ناكەن.

### پزیشكی پسپۆڕو شارەزا نییە

سەبارەت بەكەرتی تەندروستی بەڕێوەبەری ناحیەی خەلیفان وتی: نەخۆشخانەكە تا ڕادەیەكی باش توانیویەتی كێشەو گرفتە تەندروستی و پزیشكەكانی خەڵكەكە چارەسەر بكات، بەڵام ئەو نەخۆشخانەیە كێشەی سەرەكی نەبوون و كەمی كادیری پزیشكییە و پێویستمان بە پزیشك هەیە بەتایبەتی پزیشكی پسپۆڕ و شارەزا و خۆم

## داواكارین وەزارەتی كشتوكاڵ پرۆژەو كار لەناوچەكەمان جێبەجێ بكات

چاودێری نەخۆشخانەکە دەکەم و داودەرمانی باشە، بەڵام هەندێ جار یا حاڵاتی نەخۆشی هەیە وا دەکات هەندێ کەموکوڕی و گرفت دروست بێت و لەو کاتانەشدا نەخۆشەکە ڕەوانەی نەخۆشخانەکانی سۆران یا شارەکانی تر دەکرێت.

## نرخی کارەباو گلەیی هاووڵاتییان

سەبارەت بە نرخی کارەباو هاتنەوەی برە پارەیەکی زۆر بۆ هاووڵاتییان کە گلەییەکی زۆری لێکەوتۆتەوە بەڕێوبەری ناحیەی خەلیفان وتی: تاوەکو ئێستا سستەمێکی ڕێکوپێك بۆ هەژمارکردنی نرخی کارەبا لە هەرێمی کوردستان نییە بەتایبەتی لەڕووی پێوەرەوە زۆربەی زۆری ماڵەکان بە پێوەری کۆن کارەبایان پێدراوە، ئەم پێوەرەش زۆر ووردو تەواو نییە بەتایبەتی بە پێی ئەو گلەییانەی لە لایەن خەڵکەوە دەکرێت، لەلایەکی ترەوە لە خەلیفان ماڵ هەیە پێوەری نییە و هاووڵاتی هەیە زێدەڕۆیی کردووە هاوکاری لایەنی پەیوەندار ناکات، لەگەڵ ئەمەش دا ئەو ماڵ و هاووڵاتییانەی هەست دەکەن پارەیەکی زۆریان لە نرخی کارەبا بۆ هاتۆتەوە دەتوانن سەردانی بەڕێوەبەرایەتی دابەشکردنی کارەبای سۆران و بەشی فرۆشتنی کارەباو لایەنی بەرپرسی دیکە بکەن بۆ تەئکید و دڵنیایی لە خەرجی کارەباکانیان، هەروەها لە خەلیفان لە ڕووی کارەباوە کەموکوڕی و کێشەمان لە نەبوونی ئۆتۆمبێلی سەلەی کارەبا هەیە و لە کاتی هەر پچڕان و گرفتێك بەتایبەتی لە گڵۆپ و ستوونی ڕووناککەرەوەی سەنتەری ناحیەکە دەبێت داوا لە کارەبای سۆران بکەین کە ئۆتۆمبێلی خزمەتگوزاری سەلەمان پێبدەن.

**تۆڕی ئاویخواردنەوەش زۆر کۆنەو پێویستی بە نۆژەنکردنەوە هەیە**

## وەزارەتی کشتوکاڵ و هاوکاری جوتیارانی ناوچەکە

سەبارەت بە چۆنیەتی پێشخستنی کەرتی کشتوکاڵ لە ناوچەکەدا و هۆکاری وازهێنانی خەڵك لەکاری کشتوکاڵی و ئاژەڵداری بەڕێوبەری ناحیەی خەلیفان وتی: باشبوونی بژێوی خەڵکەکەو دامەزراندن بەتایبەتی بەو سیستەمە تازەی کە لە ساڵی ڕابردوو پیادەکرا وایکردووە خەڵك کەمتر خەریکی کاری کشتوکاڵی و ئاژەڵداری بێت، لە لایەکی تر پێویستە حکومەت و وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە برەودان بە پرۆژەی کشتوکاڵی و ئاژەڵداری زیاتر لەم ناوچانەدا پاڵپشتی و هاوکاری جوتیاران و خاوەن ئاژەڵەکان بکەن، هاوکات لە پێدان و ڕێنماییەکانی قەرزو پێشینەی کشتوکاڵی و قەرزی بچوك بۆ جوتیاران و ئەوانەی دەیانەوێت پرۆژە بکەن ئاسانکاری زیاتریان بۆ دەستەبەر بکەن، ئێستا لە ڕێگای کەرتی تایبەتەوە ساردخانەیەك لە سنووری خەلیفان دروست دەکرێت کە هەر هەموو ناوچەکە سوودی لێوەردەگرن و هاوکاری و ئاسانکاری تەواوی بۆ ئەو جۆرە کارو پرۆژانە دەکەین، هەروەها لە ڕێگای هۆبەی کشتوکاڵی و بەیتەرەی ناحیەکەمانەوە هاوکاری و پەینی کیمیاوی و چاودێری کاری کشتوکاڵیی و ئاژەڵداری پێشکەش بە جوتیاران و خاوەن باخ و رەزە و ئاژەڵدارەکان دەکرێت و ئومێد دەخوازین وەزارەتی کشتوکاڵ زیاتر هاوکاری ئەو هۆبانە و جوتیاران بکات بە تایبەتی لە پێشینەو قەرزی کشتوکاڵی.

## گوندەکان و پرۆژە خزمەتگوزارییەکان

سەبارەت بە کارو پرۆژەو گرنگیدان بە گوندەکانی سنوورەکە بەڕێوبەری ناحیەی خەلیفان وتی: لە سەر بودجەی پەرەپێدانی پارێزگای هەولێرەوە بۆ زۆربەی گوندەکانی سنوورەکە بیری ئیرتوازی لێدراوە، بەڵام نەمانتوانیوە ئەو بیرانە ببەستینەوە و لە هەموو بوارەکانی تری خزمەتگوزاریش هەر لە قوتابخانەوە تا دەگاتە ڕێگاوبان و کەرتی کشتوکاڵی کار و پرۆژە بەپێی ئەو بودجەی تەرخان دەکرێت بۆ گوندەکان ئەنجام دراوە، ئەو بودجەیەش وەکو باسم کرد زیاتر بودجەی پەرەپێدانی پارێزگایە بۆیە کاتی ئەوە هاتووە وەزارەتەکانیش چەند پرۆژەیەکی نوێ بۆ گوندەکان ئەنجام بدەن.

